# (تاریكی ئاخ تاریكی)



عەبدولا ڕێشاوی

شارەكانتان  وەكو دڵتان
سیخناخە بەتاریكی
شارەكانتان..وەكو چاوتان، وەك بەڵێن و قسەكانتان، وەك دەسەلآت وسیاسەتتان
خنكاوە بەتاریكی
شارەكانتان وەك خەیاڵتان، وەكو ڕۆحتان، وەك ویژدانتان
پڕە لەژەنگ وتاریكی ..( تاریكی ..ئاخ تاریكی )
كۆشكەكانتان پڕەلەگڵۆپ پڕەلەگەرما پڕلەقاقا
شارەكشتان پڕیەتی لەسەرما
كوێربوو بە تاریكی
پڕەلەهەناسەی سارد
پڕەلەگریانو گلەیی
سلێمانی ..ئەوشارە شێكو عاشقە
شەوان دەبێ بەقەبرسان
لاكوێرە بەشەو ئەمشارە
لایەك زەماوەند سازئەكا ت
لاكەی تریش ئەگری لەتاو
خەمو مەراقی تاریكی
(تاریكی ئاخ تاریكی)
دلێ..كەخۆی 14ساڵ رووناكی لێبڕابێ
چۆن ئەتوانێ بۆشاری ببێ بەمۆم

ببێ بەگەرماو گڵۆپ و پێکەنین و روناکی
رۆحێ کەخۆی گەرمای شۆرشی لێبرابێ
چۆن ئەتوانێ ئەم هەمو ماڵە گەرمکاتەوە
ویژدانێ کە 14 سالێ ئاوی ئەحمەد ئاواو دێگەڵەی نەنۆشیبێ
کە 14ساڵ بۆنی گوڵەکانی کۆپکی قەراغی نەکردبێ
کە14ساڵ بە بەفری قەندیل و بالآمبۆغوسڵی پیسی خۆی دەرنەکردبێ و
بەئاوەکەی زەڵم خۆی نەشۆردبێ ..
چۆن ئەژی!؟
چۆن وشکنابێتەوەو نامرێ !؟
( تاریکی ئاخ تاریکی )
گلەیی لەتورکیا مەکەن
جنێو بەعەرەب مەدەن
لەفارس و مەزارگەی 12 ئیمام مەپارێنەوە
شەوێ دانیشن بەروتی
جەلدی نەفسی خۆتانبکەن
شەوێ لەیەکێ لەشاشەشکاوەکانی نەتەوەیەکی لەت وپەتەوە
، جنێو بە شروری خۆتان بدەن
بەهارێ جلی شۆرش لەبەرکەنەوەو بەسەفەرێ
بگەرێنەوە بۆلای یاداوەریەکانتان
بەدوای رۆحی بەجێماوی خۆتانا بگەرێن
لە چیا تورەکانی کوردستان بپارێنەوە ونوێژیان بۆبکەن
نەبا لەناکاو برۆخێن بەسەرتانا
پرسیارلە وروبارە بەجێماوانەی زەمانی شۆرش بکەن
کە پاش 14ساڵ، تەنها بۆشەوێ
سەرێکیشتان لێنەدان و هەواڵێکیشتان نە پرسین
بزانن ویژدانو رۆحو جوامێری تان لە پاڵ کام قەدپاڵدا بەجێهێشت
ئێوەکەهاتنەوە بۆشار نازانم

رۆحی ئەمشۆرشەتان لەبن کام تاشەبەردی چیا لێبەجێما
لەئەسپەکەی قازی دابەزین و
سواری ماشێنەکانی بەعس بون
کوخەکەی پیرانتان سوتاندو
چونە تەلارو کەلاوەخانەکانی بەعسەوە
لەسەرقەنەفەکانی ئەودانیشتن
لەناو پێخەفەکانی ئەوا نوستن
ئەی قوربانی
تۆماچی سۆزانیەکانی جەللادەکانی خۆتئەکەیت
ئیتر چۆن مناڵی بەعسیت نابێ
ئیتر چۆن مناڵەکانتان بەدەمتانەوە هەناسەی بەعس ناکەن
ئیتر چۆن زینەکانتان خۆیان ناسوتێنن
ئێوەبەعستان کوشت
بەڵام رۆحەکەیتان هەڵمژی
گۆشتەکەیتان خواردوخوێنەکەشیتان خواردەوە
ئێوەشەهیدەکانتان زیندون
بەڵام مەخابن کەخۆتان مردون
لێگەڕێن بائەوان بێنەوەبۆشار
ئێوەش برۆنەوە بۆقەبرسان

شەوی 24/1/ 2006